حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت
بەشی زمانی کوردی

# (پاییز لە هایکوی هایکیستانی باشووری کوردستاندا)

لێکۆڵینەوەی هەردوو خوێندکار (شادان صلاح حسین - خەیاڵ محمد عبداللە ) پێشکەشی (ئە نجوومەنی بەشی زمانی کوردی - کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت ) یان کردووە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس ) لە زمان و ئەدەبی کوردیدا.

**بەسەرپەرشتی:**

د.ابراهیم عبدالرحمن محمود

سالی خوێندن:

٢٧٢٢کوردی　　١٤٤٣ کۆچی　　٢٠٢٢زاینی

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت
بەشی زمانی کوردی

# ( پاییز لە هایکوی هایکیستانی باشووری کوردستاندا )

لێکۆڵینەوەی هەردوو خوێندکار ( شادان صلاح حسين - خەیاڵ محمد عبدالله ) پێشکەشی ( ئە نجوومەنی بەشی زمانی کوردی - کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت ) یان کردووە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ( بەکالۆریۆس ) لە زمان و ئەدەبی کوردیدا.

**<u>بەسەرپەرشتی:</u>**

**د.ابراهيم عبدالرحمن محمود**

**ساڵی خوێندن:**

٢٧٢٢کوردی ١٤٤٣ کۆچی ٢٠٢٢زایینی

# بِسْمِ اللهِ الرحْمنِ الرَحِيمِ

( قُلْ هَلْ يَسْتَوِي اَّلذِينَ يَعْلَمُونَ وَ اَّلذِينَ لا يَعْلَمُونَ)

سورة الزمر: اية: ٩

# پێڕست


| ژ | بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ئایەتی قورئانی پیرۆز | |
| ٢ | پێڕست | أ |
| ٣ | پێشکەش | ب |
| ٤ | سوپاس و پێزانین | ج |
| ٥ | پێشەکی | ١-٣ |
| ٦ | دەروازە | ٤-١١ |
| ٧ | بەشی یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی هایکو لای گەلانی جیهان | ١٢-٢٤ |
| ٨ | تەوەری یەکەم: هایکوی ژاپۆنی | ١٣-١٧ |
| ٩ | تەوەری دووەم: هایکو لە دەرەوەی ژاپۆن | ١٧-٢٤ |
| ١٠ | بەشی دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی هایکو لە ئەدەبی کوردیدا | ٢٥-٣١ |
| ١١ | تەوەری یەکەم: دەرکەوتنی هایکو لە ئەدەبی کوردیدا، لە باشووری کوردستان | ٢٦-٢٩ |
| ١٢ | تەوەری دووەم: یانەی هایکوی کوردی | ٣٠-٣١ |
| ١٣ | بەشی سێیەم: پاییز لە هایکوی هایکیستانی باشووری کوردستاندا | ٣٢-٤٤ |
| ١٤ | ئەنجام | ٤٥ |
| ١٥ | لیستی سەرچاوەکان | ٤٦-٤٧ |

**پێشکەشە...**

- بە دوو کەسی نێو ژیانمان، کە هەرگیز ئەو توانایەمان نابێت لەژێر باری چاکەیان دەربچین، بە دایک و باوکی خۆشەویستمان.
- سەرجەم مامۆستایانی بەشی کوردیی بنەڕەت
- بە هەموو ئەو هاوڕێ و دۆستانەی کە تا ئێستا دەستیانگرتووین و نەیانهێشتووە بکەوین
- بە گشت ئەو مامۆستایانەی ژیانمان، کە بە تاکە پیتێکیش بێ ئەم ڕێیەیان بۆ ڕووناک کردووینەتەوە و بە ئێرەیان گەیاندووین.

## سوپاس و پێزانین

▪لەسەرەتادا سوپاس و پێزانینمان بۆ زانکۆی گەرمیان هەیە، کە ئەم دەرفەتەی بۆ ڕەخساندین تا بتوانین درێژە بەخوێندنی بەکالۆریۆس بدەین لە ڕشتەی زمان و ئەدەبی کوردی. هەروەها سوپاسی یەک بەیەکی مامۆستایانی بەشەکەمان بەشی "زمانی کوردی" دەکەین کە لە چوار ساڵی ڕابردوودا لە هەوڵی فێرکردن و ڕێنیشاندانی ئێمەدا بوون، بۆ زانست و تێگەیشتن و پێگەیشتنمان.

▪سوپاسی (د. ابراهیم عبدالرحمن) دەکەین، کە سەرپەرشتیی توێژینەوەکەمانی لەئەستۆ گرت.

▪سوپاس بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە هاوکار و یارمەتیدەرمان بوون لەم توێژینەوەیەدا، بەپێدانی زانیاری و سەرچاوەی پێویست، بەتایبەتی بۆ (م.شەهلا کەریم) لە بەشی کتێبخانەی سەنتەری چالاکیی گەنجانی کەلار. هەروەها (م.سەردار نۆڕێ) و (د.ملکۆ ئەحمەد) کە وەک هاوڕێیەک بەدەممانەوە بوون و تاریکی ڕێگایان بۆ ڕۆشن کردینەوە.

## پێشەکی:

هایکو؛ ژانرێکی ئەدەبیی ژاپۆنییە. بەڵام لە دەرەوەی ژاپۆن زیاتر وەک فۆرمێکی شیعری ناسراوە و ناوی دەهێنرێت. بەهۆی ئەوەی کە هایکو دوو تایبەتمەندیی گرنگ و بەرچاوی هەیە کە (کورتبڕی) و (وێنەی شیعری)یە، ئەمانەش وای کرد بە لای شاعیرانی ئەوروپایی و ئەمریکایەوە سەرنجڕاکێش بێت، بۆیە وەک ئەزموونێک گواسترایەوە بۆ نێو ئەدەبی گەلانی تری جیهان. بەڵام لە بەرگێکی نەتەوەییدا کە تایبەتمەندێتیی خۆیانی بە بەردا بکەن و هایکو بنووسن بە زمان و کاریگەریی کولتوری خۆیان، کە بەهەمان ژمارەی بڕگەکانی هایکوی ژاپۆنی نەبێت.

زۆرینەی شارەزایانی ئەدەبیاتی کوردی وای دەبینن، کورتە شیعر یان پۆستەرە شیعر، کە ساڵی حەفتاکان هاتە ناو شیعری کوردییەوە، وەک کێشی بڕگەی خۆماڵی و کێشی پەنجە و پێی کوردی، نزیکییەکی زۆری هەیە لەگەڵ سروشتی نووسینی هایکوی ژاپۆنیدا. چونکە هەردووکیان گەڕانەوەن بۆ سروشت.

لە جیهاندا شاعیری دیاری ئەم بوارە (ماتسهو باسهۆ ١٦٤٤-١٦٩٤)ی ژاپۆنییە، کە بە مامۆستای هایکو ناسراوە. لەئێستاشدا هایکو تا ڕادەیەک ناسنامەیەکی جیهانیی وەرگرتووە و زۆرێک لە گەلانی جیهان دەینووسن. بەڵام بنچینەکەی هەر سەر بە ئەدەبیاتی ژاپۆنە.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ناونیشانی توێژینەوەکەمان پێکهاتووە لە (پاییز لە هایکوی هایکیستانی باشووری کوردستاندا)، کە ئەمەیش لەچوارچێوەی سنووری دیاریکراوی توێژینەوەکەدا گەڵاڵە کراوە.

**هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە:** بەگشتی هۆکارەکە ئەوەیە، لەبەر گرنگیی ناونیشانەکە کە پێشتر کاری تێدا نەکراوە. هەروەها ئارەزووی خۆمان، بۆ توێژینەوە لەو بوارەدا.

**گرنگیی ناونیشانی توێژینەوەکە**: ناونیشانەکە گرنگییەکی بەرچاوی هەیە، ئەویش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە لەپێناوییدا هەڵبژێردراوە و پەیوەستە بەو لایەنەی کە بەکەمی لاکراوەتەوە لە بەرهەمی هایکونووسەکان.

**ئامانجی توێژینەوەکە**: توێژینەوەکە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە تا ئێستا بە نادیاریی ماونەتەوە، ئایا هایکو گەیشتووەتە ناو ئەدەبیاتی کوردی یان نە؟ ئایا هایکوی کوردی لە چ ئاستێکدایە شان بەشانی هایکوی گەلانی تر و هایکوی جیهانی؟ هەوڵی هایکونووسانی کورد لەم ماوە کەمەی کارکردن لە هایکودا، بە چ ئامانجێک و ئەنجامێک گەییشتووە؟

**کێشەی توێژینەوەکە:** گرفتی سەرەکیی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا، نەبوونی سەرچاوەی پێویست بوو لەسەر هایکو، چونکە تا ئێستا کاری ئەوتۆ لە هایکو نەکراوە، بەتایبەتیی لەڕووی ئەکادیمییەوە لە ناوەندی زانکۆ و کاری توێژینەوەدا.

**سنووری توێژینەوەکە**: بەگشتی باسمان لە هایکو کردووە لەناو دەقی هایکوی کوردی، بەتایبەتیش لە بابەتی (پاییز) لە دەقی هایکوی (١٢) هایکونووسی باشووری کوردستاندا.

**ڕێبازی توێژینەوەکە**: ڕێبازی توێژینەوەکە؛ ڕێبازێکی وەسفیی – شیکارییە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** بەگشتی لە سێ دەروازە و سێ بەش پێکدێت، بەم شێوەیە لە دەروازەی ناونیشانەکە وەک پێناسە و چەمکی هایکو و مەرجەکانی. پاشان لە بەشی یەکەمدا باسمان لە سەرهەڵدانی هایکو لای گەلانی جیهان کردووە، ئەم بەشەیش بووە بە دوو تەوەرەوە. تەوەری یەکەم هایکوی ژاپۆنی و تەوەری دووەم هایکو لە دەرەوەی ژاپۆن. پاشان لە بەشی دووەمدا باسمان لە مێژووی سەرهەڵدانی هایکو لە ئەدەبی کوردییدا کردووە. ئەم بەشەیش بەهەمان شێوە دوو تەوەرە، تەوەری یەکەم سەرەتای دەرکەوتنی هایکو لە ئەدەبی کوردیدا، تەوەری دووەمیش (یانەی هایکوی

کوردی)، لە بەشی سێیەمیشدا، باسمان لە (پاییز لە هایکوی هایکیستانی باشووری کوردستاندا) کردووە، کە (١٢) هایکونووسمان وەرگرتووە و لە هەر هایکونووسێکیش (٢) دەقی هایکومان هێناوەتەوە. پاشان بە (٥) خاڵ ئەنجامماں خستووەتە ڕوو. هیواداریں کارەکەمان جێی بایەخ بێت.

## دەروازە:

### زاراوەی هایکو:

((هایکو Haiku کە سەرەتا پێیوتراوە (هۆککۆ- Hokku) لە بنەڕەتدا فۆرمێکی شیعری ژاپۆنییە و لە دەستپێکی فۆرمی (تانکا-Tankaو ڕینگا-renga) جیابووەتەوە، (هۆککو -hokku ) کە بەواتای ((شیعری دەستپێک)) دێت، لە کۆندا دەستپێکی جۆرێک لە شیعری زنجیرەیی بووە، کە پێیدەوترا (هایکای نۆ ڕینگا) و پاشان کرا بە (هایکای -haikai) دوای ئەوەی چەند گۆڕانکارییەک بەسەر وشەکەدا هات، دواجار لەساڵی (١٨٩٢) لە سەردەمی چاکسازی (میجی -میگی-migi ) وشەکە بە (هایکو -haikku) چەسپا و جێگیر بوو، کە بەمانای ((منداڵی خۆڵەمێش)) دێت))[١] ((هایکو وەک فۆرمێکی شیعری لەپڕێکدا دروست نەبووە، بەڵکوو وەک زاراوە و پێکهاتەش بەپێی سەردەمەکان گۆڕاوە. لەسەرەتای سەدەی ١٨ و لەدوای جیابوونەوەکەی لە تانکا و ڕینگا، (هایکو) چ وەک چەمک و چ وەک زاراوەش پێگەو واتای ڕاستەقینەی خۆی وەرگرتووە. ئەوەش وەک کودەتایەک دێت بەسەر چەقبەستووی و کۆنخوازییدا، بۆیە زایەقەی ئەدەبی و نوێخوازی توانی ئەو بەربەستە نەریتییەی هایکو بشکێنێ و هۆککو بگۆڕێ بۆ هایکو و ببێتە خاوەن خەسڵەت و مەرج و تایبەتمەندیی خۆیی و لە جیهاندا وەک زاراوەیەکی جێگیر بمێنێتەوە))[٢]

---

١) سەردار نۆڕێ، کەوتنەخوارەوەی مەراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ٢٠١٩، ل١٧.

٢) ملکۆ ئەحمەد، هایکو :ڕەگ و چەکەرەو پەرەسەندنی، هایکیست، ژ (١)، ل٩-١١.

**پێناسەی هایکو:**

هایکو، فۆرمێکی شیعریی ژاپۆنییە و زیاتر وەک شیعرێکی پەخشانی دەردەکەوێت. لە کۆندا حەڤدە برگەی دەنگی بووە، هایکو کورت و زۆر ڕوون و درەوشاوەیە، بە زمانێکی ساکار و بێ پێچ و پەنا دەنووسرا و وەرزەواژەی تێدا بووە، کە ئاماژەی بە یەکێک لە وەرزەکانی ساڵ کردووە. هایکونووسان بەشێوەی پرسیار و وەڵام دەیانهۆنییەوە[1].

د.ڕەفیق سابیر لە پێناسەیەکدا بۆ هایکو، تیشک دەخاتە سەر گرنگیی لایەنی دەروون و دەڵێت :((هایکو ناودارترین شێوازی شیعری یابانییە و ئەزموونێکی هەستیی مرۆڤە کە لە کورتە ساتێکدا ڕوودەدات و دووبارە نابێتەوە. پوختەترین شێوە و کەمترین وشە پیشان دەدات، لە هایکودا سروشت و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت و ئەو گۆڕانکارییانەی کە سروشت بەسەر ژیان و لایەنی سایکۆلۆجی و ڕۆحیی مرۆڤ دەهێنێت، بابەتی سەرەکیین))[2]

((هایکو؛ جۆرێکی شیعری نوێی ژاپۆنییە کە بەپێچەوانەی شیعرە کۆنەکان، کە لە دێڕە شیعری دووورودرێژ پێکهاتبوون لە مێژووی دوو هەزار ساڵەی شیعر و ئەدەبیی ژاپۆنیدا، ئەم بە کورتی و پوختی نووسراوە، هایکو شۆڕشێکی نوێ بوو لە شعری ژاپۆنییدا لە سەدەی (١٧) دا بەتایبەت لە قۆناغی (ئیدۆ)دا، شیعری ژاپۆنی لەڕووی ناوەڕۆک و شێواز و بابەتەوە گۆڕانێکی ڕیشەیی بەخۆوە بینی، کە پێیان وابوو شێوازێکی کۆن و درێژ و ناخۆشە))[3]

---

١) د.عادل گەرمیانی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژ٢٦، ل١٧.

٢) ڕەفیق سابیر، ئەویننامەی شیعر، ل٧

٣) ئەردەڵان عەبدوڵا، گەشتێک بەناو کلتووری ژاپۆنیدا، ل ١١٩

هایکو؛ جۆرێکە لە شیعری ژاپۆنی، لە سێ دێڕ و حەڤدە بڕگە پێکدێت نە زیاد نەکەم[1]، هەروەها بریتییە لە هۆنراوەیەکی زۆر کورت، تەنیا بەیتێکە، بەشێوە کلاسیکییەکەی لە سێ دێڕی شیعری بێ کێش و بێ سەروا و بێ ئاواز پێکهاتووە، مەگەر بەدەگمەن دێڕەکانی سەروادار بن، هایکو لە (١٧) بڕگە پێکهاتووە بەگوێرەی ڕیزبەندیی دێڕەکان (دێڕی یەکەم پێنج بڕگەیە، دێڕی دووەم حەوت بڕگەیە، دێڕی سێیەم پێنج بڕگەیە واتە ( ٥بڕگە، ٧ بڕگە، ٥ بڕگە) بەپێی زمانی ژاپۆنی، بەڵام ئەگەر هایکوەکانی ژاپۆنی وەربگێڕین بۆسەر زمانەکانی تر ئەوا لە سێ دێڕدا نامێنێتەوە، بڕگەکان کەمتر یان زیاتر دەکەن[2].

هایکو؛ هەرێمی خۆنواندنی هێزی وێژەری و دەسەڵاتی شاعیرانە لە میوانداریێتی وشەکان نییە، بەڵکوو کورت و ساکارە و لە دەوراندایە، کە پڕ ماناو پڕ بەهایە، هایکو ئەفراندنەوەی پڕ واتە و سەرلەنوێی ساتە ساکار و ئاساییەکانی ڕۆژانەیە[3].

هایکو؛ شیعرێکی کورتە و ئاسایی وێنەیەکی سروشت لە زەینی خوێنەردا چێ دەکات، بەکورتترین شیعری جیهانی هەژمار دەکرێت. شیعری هایکو سادە و بێ ئەرکە، وێنەی درکی جوانی بوون و کەشی چواردەور دەکێشێت، کە لەلای هەرکەسێک واتایەکی جیاواز دەخاتە زەینەوە[4]، هایکو لەسەرەتادا ناواخنی تەنزئامێزی هەبوو، بەڵام دواتر وردە وردە لەڕێگەی ناوئاخنبوونی لەگەڵ فەلسەفەی زەن قووڵتر بووە لایەنەکانی پەرەیان سەند، بەگشتی فەرهەنگی ژاپۆن تا ئەو ڕادەیە لەژێر کاریگەریی زەیندایە کە ڕەخنەگرێک بەناوی (سوگن ئومری) گوتوویەتی : ((فەرهەنگ و زێن لە ژاپۆندا وەک دوو لوتکەی هاوتادان))[5]، هەروەها زمانی هایکو

١) ماکسێنس فێرمین، ڕۆمانی بەفر و:عیسا عوسمان، ل٨

٢) ڕەزا شوان، شیعری هایکوی منداڵان، کوردستان و کورد، ماڵپەڕی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان .

٣) ک.ج .هەڵوەدا (بۆکانی)، هایکو چییە؟ ڕامان، ژ١٤٧، ل٩٩.

٤) فەرخوندە و وثوق بوور، و:ئرزگار جەباری، هایکو چییە؟ هایکیست.ژ(١)، ل١٢-١٣.

٥) محمد تەرەغە، هایکو چییە؟ هەنار، ل١٣١.

ئەو زمانە سادە هونەرییەی جیا لە زمانی تەمومژ و قووڵبوونەوە  بووە، هەندێک جاریش لە بڕگەی دیاریکراو دەردەچێت، چونکە شارەزایانی هایکو پێیان وایە هایکو چەند باری لە وشە سوکتر بێت، ئیستاتیکانەتر خۆی نیشان دەدات، ئەمە جگە لە سێ دێڕی دیاریکراو، یەکەمیان پابەند بێت بە وەسف، دووەمیان بە ڕووداو، سێیەمیان بەستنەوەی دێڕی یەکەم و دووەم بەجۆرێک سەرەنجی خوێنەر بۆخۆی ڕابکێشێت[١].

کەواتە، دەتوانین بڵێین: هایکو جۆرێکە لە شیعری ژاپۆنی و لە ١٧ بڕگە پێکهاتووە، بڕگەی یەکەم پێنج بڕگە و بڕگەی دووەم حەوت بڕگە و بڕگەی سێیەم پێنج بڕگە (ئەمەش لە هایکوی کلاسیکدا هەبووە)، لە هایکودا هایکونووس خۆی لە وشە ناپێویستەکان نادات و هەتا بکرێ بەکورتی دەیبڕێتەوە. هەروەها هایکو عەوداڵی کێش و سەرواش نابێت، شێوەشیعرێکی کورتە و ئاسایی وێنەیەکی سروشت لە زەینی خوێنەر دروست دەکات. هایکو بە یەکێک لە جوانترین و مەزنترین داهێنانی ئەدەبی ژاپۆنی دادەنرێت، تەنانەت لە شیعرو ئەدەبیاتی جیهانییشدا ئەو ڕوانینەی بۆ دەکرێت.

---

١) سەرهەنگ خامۆش، هایکیست.ژ(٢)، ل٩٣-٩٤.

## چەمکی هایکو :

هایکو وەک چەمک لەساڵی (١٨٩٢) لەلایەن (ماساۆکاشیکی)یەوە بەوە ناونراوە. (هایکو) سەرەتا پێی وتراوە ((هۆککو-hokku)) کە وەک بەشێک لەدەستپێکی جۆرێکی تری شیعری ژاپۆنی جیابووەتەوە بەناوی (ڕینگا) کە لەناوەڕۆکدا پەند و قسەی نەستەق لەخۆ دەگرێت و لە بنەڕەتدا بە یەک دێڕ نووسراوە بە (١٧) بڕگەیی دەنگی، کە دابەش دەبێت بۆ (٥،٧،٥) بڕگە[1]، هایکو کورتترین جۆری شیعرە لەجیهاندا کە لەلایەن ژاپۆنییەکانەوە بەجیهان ناسراوە، ڕۆلان بارت لە کتێبی (ئیمپراتۆرییەتی نیشانەکان)دا نووسراوێکی بەناونیشانی بەدەستهێنانی مانا هەیە, کە دەڵێت: ((هایکو هەڵگری تایبەتمەندییەکی شەبەحانەیە و ئەوەی هەمیشە وا هەست ئەکا کە بتوانیٚ بەسادەیی و بەئاسانی شعرێکی وەها بهۆنێتەوە)) لەژاپۆندا چەندین فۆرم و شێوازی شیعر هەیە، بەڵام جۆرە کورتەکانیان لایەنگری زیاتریان هەیە یاخود لەپێشترن لەجۆرەکانی تر. لەکۆندا دوو جۆر فۆرمی سەرەکی هەبوو کە (تانکا) و (چووکا) بوون، یەکەمیان بەواتای شیعری کورت و ئەوی دیکەیشیان مانای شیعری درێژی گەیاند. تانکا tanka- و waka ، ئەو جۆرە شیعرە بوو کە نزیکەی دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر بە دوو شاعیر دەنووسرا، یاخود لەسەرەتای زاییندا شیعرە کورتەکان بە دوو کەس دەنووسران. تانکا بەشی یەکەمی ١٧ بڕگەیە و بەشی دووەمی ١٤ بڕگە، کە وەک پرسیار و وەڵام دەهۆنرایەوە، یاخود لەشێوەی پێشبڕکێی نێوان شاعیراندا بوو، واتە تانکا ئەو جۆرە شیعرە بووە کە بیر و سەلیقەی دوو شاعیری تیا کۆ دەبووەوە و بیرێکی نوێی پێکدەهێنا، هەروەها (رین کو، ڕینگا) کە مانای شیعری زنجیرەیی دەگەیەنێت، بەشێوەی گاڵتەئامێز و تەنز دەنووسرا، بەهاوبەشیی شاعیران جۆری ڕینگا زیاتر دەنوسرا، چونکە ئاسانتر بوو لە تانکا و شتێکی ئازاد و ئاسانی تیابوو، کە ئەمە خۆی یەکێکە لە نیشانەکانی هایکو لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە شیعری هایکو لە

---

١) ملکۆ ئەحمەد، هایکو لە ژاپۆنەوە بۆ کوردستان، ل٤٣.

سەدەکانی ١٧ و ١٨ مانای خۆی وەرگرت و لە تانکا و ڕینگا و جۆرەکانی تری شیعر جیابوویەوە، وەک بونیادێکی شیعریی خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆی چەسپاند، (ئەوەی بووە هۆی گۆڕینی هوکو بە هایکو، ویست و خواستی بەرپاکردنی کودەتایەک لە زەوق بوو، تاڕادەیەک گەڕانەوە بۆ سەلیقەی باش و نیشاندانی ئازادی و سەربەخۆیی شیعر بوو[١]، هەروەها هایکو لە زمانی ژاپۆنیدا بەواتای (منداڵی خۆڵەمێشی) دێت لەسەرەتادا بۆ گەمەکردن و خۆسەرقاڵکردنی لەشێوەی (ئیپیگراما) هاتووەتە کایەوە، دواتر گۆڕاوە بۆ ئەو جۆرە ئەدەبەی بیرو بۆچوونی فەلسەفی و ئیستاتیکی سەپاندوویەتی و لەسەر دەستی ((باسهۆ)) و هاوڕێکانی بەپێی بارودۆخی سۆسیۆ-فەرهەنگی دەستاودەستی کردووە[٢].

١) بوشرا کەسنەزانی، پۆستەرە شیعری کوردی و هایکووی ژاپۆنی، ل٥٩-٦٢.

٢) هایکیست، ژ .٢، ل٦٧.

## مەرجەکانی هایکو

نووسینی هایکو؛ هەرچەندە لە ڕواڵەتدا ساکار خۆی دەنوێنێت، بەڵام ڕێساو بنەمایەکی زۆری هەیە، بە وتەی (ڕۆبێرت فراست) شاعیری ئەمریکی، شاعیری و شیعرنووسینی بێ ڕێسا، وەک یاری تێنس وایە کە تۆڕی نەبێت، هەروەها (باسهۆ) وتوویەتی : (یاساکان فێربن و لەبیریان بکەن)، لێرەدا هەندێک لە ڕێسا نەریتی و نوێیەکانی هایکو لە زمانی ژاپۆنی و زمانە ئەوروپییەکاندا دەخوێنینەوە، بەدڵنیاییەوە بەکارهێنانی هەموو ئەوانە لەیەک بەرهەمدا مسۆگەر نابێت، چونکە هەندێک لەوانە لەگەڵ یەکتری ناتەبان، باشترین حاڵەت ئەوەیە کە لەنێوان ئەواندا ڕێساکانی خۆمان هەڵبژێرن و سوودیان لێوەرگرین، هەرکاتێکیش لە هایکوکانماندا ڕێسای دووپاتەیی بەرۆکی پێگرتین، دەتوانین ڕێساگەلی نوێ بهێنینە ئاراوە، خوێندنەوەی بەرهەمی گەورە شاعیران و ڕاهێنان لەگەڵیان بەردەوام، باشترین ڕێگەی زاڵبوونە بەسەر ڕێساکان.

لێرەدا ئاماژە بە چەند مەرجێکی نووسینی هایکو دەکەین، لەوانە[١]:

- حەڤدە بڕگە لەیەک دێڕدا بنووسن.
- سەراپای هایکویەک دەبێت بەیەک نەفەس بخوێنرێتەوە.
- حەڤدە بڕگە لە سێ هێڵی بەڕیز (٥،٧،٥) بڕگەییدا بنووسن، (قاڵبی ستانداردی ژاپۆن)
- لە وەرزەواژەکان (وشە گەلێک کە تایبەتن بە وەرزێک لە ساڵ) سوود وەرگرن.
- پەیوەندیی بەرامبەری دێڕەکان یەکەم و دووەم وەها ڕوون بێت کە دوای خوێندنەوەی دێڕی سێیەم خۆی وەدیار بخات[٢].

---

١) محمد تەرەغە، هایکو چییە؟ هەنار ژ٨٣.

٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤.

- ناوازەیی هایکو لە کاتێکدا دەردەکەوێت کە بیرۆکەیەکی شیاوی تێدابێت، ببێتە مایەی پرسیار و تێڕامان و واقوڕمانی خوێنەر .
- خێرایی جووڵەی وشەکان، بازدان لە وشەیەکەوە بۆ وشەیەکی تر، لەگەڵ هەبوونی پەیوەندییەکی شاراوە لە مانا یان ڕووداو، کە لەکاتی خوێندنەوەی هایکو بەتەوای دەردەکەوێت .
- بەکارهێنانی کورتبڕی و زمانی شیعری و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەو وشانەی کە زۆرترین واتا یان دۆخ یان دیمەن لەخۆ دەگرن، کە وادەکات خوێنەر خۆی بەدوای پەیوەندی و پەیوەستبوونی شتەکاندا بگەڕێت، بۆ تەواوکردنی ئەو وێنەیەی لەمێشکدا دروست بووە.
- ناونیشان، لێرەدا ناونیشان شتێکی زۆر پێویست نییە، بەڵام بوونی ناونیشان ڕەهەندێکی جوانی بە هایکوەکە دەبەخشێت و لەوانەشە ببێتە کلیلێک بۆ تێگەیشتن لە هایکوەکە یان ڕاڤەکردنی، بەڵام بەپێکهاتەی هایکوەکە هەژمار ناکرێت[١].
- ئایین و فەلسەفە جیاوازەکان بخوێننەوە و بهێڵن  با کاریگەرییان لە باکگراوندی هایکوەکانتاندا ڕەنگ بدەنەوە .
- هەوڵبدەن بگەن بە ئاستی چەند واتایی، ئاستی دەرەکی داگری وێنەی ئاسایی و لە ئاستی قووڵتردا، فەلسەفەی ژیان و جیها بینینی خۆتان .
- ئەو وێنانە بەکاربهێنن کە درووژاوی زایەڵەی نوستالیژی ڕۆمانسیانە بن.
- لێکدژ بدۆزنەوە و لە هایکوی خۆتاندا وێنەی بکێشن.
- ڕەگەزدۆزیی دیاری بە وشەکان بەکاربهێنن.
- بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی (خاڵ، کۆما، پرسیار، سەرسوڕمان، تەقەڵ...هتد) لەهایکودا هیچ لارییەکی تێدا نییە.[٢]

---

١) ملکۆ ئەحمەد، هایکو لە ژاپۆنەوە بۆ کوردستان، ل٥٥.

٢) سەردار نۆڕێ، کەوتنە خوارەوەی مەراق، ل٦٥-٦٦.

# بەشی یەکەم : مێژووی سەرهەڵدانی هایکو لای گەلانی جیهان.

## تەوەری یەکەم : هایکوی ژاپۆنی.

## تەوەری دووەم:  هایکو لە دەرەوەی ژاپۆن.

## بەشی یەکەم : مێژووی سەرهەڵدانی هایکو لای گەلانی جیهان.

### تەوەری یەکەم : هایکوی ژاپۆنی.

لەگەڵ کرانەوەی ژاپۆن لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم بەڕووی ئەمریکا و ئەوروپادا، بەتایبەتیی دوای جەنگی دووهەمی جیهانی لەسەدەی بیستەم بەڕووی جیهاندا، بەخێرایی ئەم فۆرمە شیعرە کورتەی جیهان (هایکو) کە ناودارترین شیعری ژاپۆنییە و بە کورتترین شیعر لە دنیادا دادەنرێت، پەڕییەوە بۆ وڵاتانی ئەمریکا و ئەوروپا و دواتریش بەدونیادا بڵاوبووەوە، لە وەرگێڕانی و نووسینیدا بەهۆی جیاوازیی سیستمی زمانی و پێکهاتەی بڕگەیی لە زمانێک بۆ زمانێکی تر، کرا بەسێ دێڕ و ژمارەی بڕگەکانیش یان زیاتر لە ١٧ بڕگە یان کەمتریش بوونەوە، تەنانەت بۆ بابەتی دەرەوەی سروشتیش نووسراون، ئەمەش بۆ گونجاندن لەگەڵ سروشتی زمانەکانیاندا، کە جیاوازە لەگەڵ ژینگە و زمانی ژاپۆنی. هایکوی ژاپۆنی لەپێشتردا بەشێوەی تەنز و گاڵتە ئامێز دەنووسرا، دواتر لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی (زەن-زێن-زن)ی ئاینی بوودائییدا کە جەخت لەسەر تێڕامان و وردبوونەوە و هێمنی و قووڵبوونەوە بەناخدا دەکاتەوە، ئیتر هایکو بەزۆری وەسفی سروشت و وەرزەکانی گرتەوە، ئەمەش لە هایکوی کلاسیکیدا چەسپا، بەجۆرێ کە بوو بە قوتابخانە و بەئێستاشەوە لادان لێی بە لەیاسا دەرچوو هەژمار دەکرێت، بەم قوتابخانەیەش دەوترێت ((موکی هایکو)) کە پابەند بووە بە کلاسیکەوە، (ماتسوو باسهۆ --١٦٤٤ ١٦٩٤) بە پێشەنگ و باوکی هایکو دادەنرێت، کە هایکوی کلاسیک ((موکی هایکو)) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو و قوتابییەکانی، هەرچەندە پێش باسهۆیش هایکو نووسراوە، بەڵام ئەم هات و لە دە ساڵی کۆتایی ژیانیدا چەسپاندی.[1] هەروەها باسهۆ بە گەورەترین شاعیری هایکو لەمێژوودا دەناسرێت. لەدوای ساڵی١٦٦٦ ز ژیانی خۆی بۆ شیعر تەرخانکردووە دوای ساڵی ١٦٨٠ تێکەڵ بەدنیای ئەدەب و فەلسەفە دەبێت.

---

١ ) سەردار نۆڕێ، کەوتنەخوارەوەی مەراق، ل٢٣-٢٤.

لەسەرەتادا دەقی تەنزئامێزی دەنووسی، پاشان بەرەو تێڕامان و بیرکردنەوە لەدەوروبەر هەنگاو دەنێت، باسهۆ دیمەنێکی نوێی هێنایە ناو شیعری ژاپۆنییەوە، ئەویش لەڕێگەی ئەو قەسیدانەی کە کەشێکی گونجاویان لە سادەیی و خۆرسکیی جوان و هەستی قووڵی پڕ لە سۆزەوە هەبووە، بەرامبەر هەریەک لە سروشت و مرۆڤایەتی، ئەم شێوازە ئەفراندناوییە بۆ ئەوە دروست بووە، کە ئیستاتیکیی ناوەکیی هونەر و سروشت بەشێوەیەکی ڕەوانبێژییانە دەربخات، هەربۆیە ((شیعری هایکو لای باسهۆ بەشانۆکراوە و لەڕێگەیەوە تەنز و گۆشەگیری یان نەشئە بەزیادەڕەوییەکی زۆرەوە نمایش دەکات، بەڵام گوزارشتە دراميیەکانی تایبەتمەندیی پارادۆکسی هەیە))[١]

تاوەکو سەدەی پێنجەمی زایینی، شیعر لای ژاپۆنییەکان ناسراو نەبوو، هەتا سەرەتای وەرگێڕانی شیعری چینی سەریهەڵدا، ئەوەش لەڕێگەی ئەو قەشە بوودایيانەوە، کە ئیدۆگراما (وێنەپیت)ـە چینییەکانیان دەهێنا، شیعری چینی لە چوار دێڕ پێکدەهات، بەڵام لەکاتی وەرگێڕانیدا بۆ سەر زمانی ژاپۆنی دەبوو بە هەشت دێڕ، ئەوکاتە ژاپۆن خاوەنی ئەلفوبێی خۆی نەبووە، ئەمە وای لە ژاپۆن کرد واز لە سەروای شیعری چینی بێنن و بیگۆڕنەوە بە بڕگەی دەنگی لەسەر بنچینەی پێنج یان حەوت بڕگە، لە هەر دێڕێکدا.

شیعری ژاپۆنی کۆنترین ژانری ئەدەبییە. لە ئەدەبی ژاپۆنیدا دەیان کۆمەڵە شیعری هەبوونە، بەڵام گرنگترین سێ کۆمەڵە شیعر لەمێژووی ئەدەبی ژاپۆندا (مانیۆشۆ، کوکین شو، کین شو) بەناوبانگترینن.

مانیۆشۆ: ((فۆرمێکە لە فۆرمە کلاسیکییەکانی شیعری ژاپۆنی، لەسەردەمی ئەسوکا لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی حەوتەم دەرکەوتووە،

---

١) ملکۆ ئەحمەد، هایکۆ لە ژاپۆنەوە بۆ کوردستان، ل٦٣-٦٥.

ژمارەیەکی باشی دەقی (واکا)ی تێدایە، شیعری گەورەشاعیرانی ئەو سەردەمە لەخۆدەگرێت.

((کوکین شو)): لەناوەڕاستی سەردەمی هیئاندا، شیعری (واکا) دووبارە هاتەوەسەر شانۆی شیعر، ئەوەش لەدوای تەواوبوونی کتێبەکەی کۆکین واکاشۆ و چوار لە هاوکارانی نووسرایەوە. ئەم کۆمەڵەشیعرە بە کۆمەڵەی بیست و یەکی شاهانە دەناسرا، دواتر ئەم شێوازە لە کۆکردنەوەی واکا و تۆمارکردنی بوو بە ڕێبەرێک بۆ کۆمەڵەشیعرییەکانی واکا، لەسەردەمە جیاجیاکانی ژاپۆندا، زۆربەیشی هی کۆتاییەکانی سەردەمی (نارا)یە.

((کین شو)): یەکێکی ترە لەو کۆمەڵەشیعرەی فۆرمی واکا، کە بەفەرمانی ئیمپراتۆر دایجو لەسەردەمی (هیئان ٨٩٧ –٩٣٠) ١١٠٠ دەقی شیعری تێدا تۆمارکراوە، دابەش دەبێت بەسەر سێ کۆمەڵەی شیعریدا))

هایکو وەک فۆرمێکی شیعری لە پڕێکدا دروست نەبووە، بەڵکوو وەک زاراوە و پێکهاتەش بەپێی سەردەمەکان گۆڕاوە[١]، هەروەها هیندرسن دەڵێت: ((شێوەی شیعری هایکوی ژاپۆنی، تایبەتمەندییەکە، دەتوانێت سنووری نەتەوە و زمان ببەزێنێت، ئەوەش وا لەم فۆرمەشیعرییە دەکات، کە شیاو بێت بۆ داگیرکردنی شوێنێکی تایبەت بەخۆی لەنێو فۆرمەکانی دیکەی شیعری جیهانییدا))، هەروەها گرنگترین قوتابخانەکانی شیعری هایکو لە لانکەی خۆی (ژاپۆن)دا لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی و لەدوای کرانەوەی ژاپۆن لەڕووی فەرهەنگییەوە بەڕووی وڵاتانی دنیادا.

---

١ ) ملکۆ ئەحمەد، هایکۆ لە ژاپۆنەوە بۆ کوردستان، ل٣٧-٣٩.

**هایکو دابەش دەبێت بۆ چەند قوتابخانەیەک، دیارترینیان چوار قوتابخانەن؛**

***یەکەم : قوتابخانەی کلاسیکی (موکی هایکو):***

ئەم قوتابخانەیە کۆنترین قوتابخانەی هایکونووسینە لە ژاپۆندا، گشت مەرجە کلاسیکییەکانی وەک ١٧ برگەیی و دابەشبوونی بەسەر سێ دێڕی (٥-٧-٥)دا و گرنگیدان بە وەرزەوشەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەخۆدەگرێت، کە دەگەڕێتەوە بۆ (ماتسو باسهۆ) و قوتابییەکانی. ئەمەش تا سەرهەڵدانی قوتابخانەی نوێخوازیی (چینکو هایکو) ماوەکەی درێژ بووەتەوە. ئێستاش لە لایەن هەندێ هایکونووسەوە هەر پەیڕەویی دەکرێت و لێی دەنووسرێت، لادان لە مەرجە کلاسیکییەکان ڕێگەپێنەدراوە.

***دووەم : قوتابخانەی نوێخواز (چینکو هایکو):***

(ماساۆکاشیکی) دیارترین شاعیری ئەم قوتابخانەیەیە و ئەفرێنەری وشەی هایکو و چەمکی (شاسئی)یە، بە یەکەمین شاعیری نوێخواز هەژمار دەکرێت و خاوەنی قوتابخانەی ڕیالیستیی هایکوە و کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ڕیالیستی ئیمەیجیزمی ڕۆژئاواییەوە، ئەو قوتابخانانەی لەدوای چینکو هایکووە دروستبوون، هەموویان بەشێوەیەک لەشێوەکان دەچنەوە سەر ڕێباز و ڕێساکانی، چونکە یەکەمین قوتابخانەی هایکوە کە مەرجە کلاسیکییەکانی شکاندووە.

***سێیەم : قوتابخانەی نوێخواز (جیندای هایکو):***

ڕابەڕانی ئەم قوتابخانەیە خاوەنی تیۆری (هۆتۆگیسۆتایشۆ)ن، یەکێکی تر لە ڕابەرانی ڕەوتی نوێخوازی شاعیر (هوسای١٩٢٦-١٨٨٥)یە، کە چاوپۆشیی لە سیستمی برگە و ((وەرزەوشە)) کردووە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک دەستی لەمەرجی هەنووکەیی هەڵنەگرتووە .

### ***چوارەم : قوتابخانەی هایکوی ئازاد و هاوچەرخ :***

بانیا ناتسویشی: شاعیر و ڕەخنەگرێکی ژاپۆنییە، لەساڵی١٩٥٥ ز، لە شاری ئایۆی هەرێمی هیوگۆ لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٨١ بووە بە خاوەنی خەڵاتی (هایکو کینکیو ) بانیا دەرچووی زانکۆیی تۆکیۆیە و پرۆفیسۆرە لە بواری (ئەدەبی بەراور)دا بەیەکێک لە دیارترین شاعیرانی هاوچەرخی دوای جەنگی دووەمی جیهانی دادەنرێت، کە کار لەسەر نوێکردنەوەی هایکوی ژاپۆنی دەکات، هەوڵیداوە ئەو لەمپەرانە لەبەردەمیدا لابدات، کە بوونەتە هەڕەشە لەسە ڕەونەق و توانای نوێبوونەوەی و کرانەوەی[1].

---

١)ملکۆ ئەحمەد، هایکو لە ژاپۆنەوە بۆ کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨-٥١.

## تەوەری دووەم: هایكو لە دەرەوەی ژاپۆن.

هایكو لەسەدەی بیستەمدا بە دنیا بڵاو بووەتەوە، بێگومان لەڕێگەی وەرگێڕانەوە تێكەڵ بە شیعر و ئەدەبیاتی گەلان بووە، لەگەڵ ئەوەی هایكو گەیشتە ئەوروپا و ئەمریكا، لەم ڕووەوە فەرەنسییەكان یەكەمین گەلی ڕۆژئاوایین، كە هایكویان ناسیوە، بەپێی دانپێدانانی هەندێك لە شاعیرانی ئەمریكا و ئەوروپا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا هایكو كاریگەریی خۆی لەسەر شیعری نوێی ڕۆژئاوا ((بەتایبەتی شیعری ئینگلیزی كە ئەمریكاییەكان و بریتانییەكان دەینووسن)) دانا و بەپێچەوانەیشەوە، هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە كاریگەری شیعری هایكو بەسەر شێوازی شیعری ئینگلیزییەوە هەبووە، لەڕووی دروستكردنی وێنەی شیعری و وێنەگەرایی و (وێناگەری (imagisim ی) بزافی ئیمەیژیزم) كە (ئیزرا پاوەند) بە دامەزرێنەری دادەنرێت.

ئیزرا پاوەند لەدوای ئاشنابوونی بە هایكوی ژاپۆنی، ئەو هەوڵەی دا كە لە شیعری ئینگلیزییدا (وێناگەری) و (كورتنووسین_كورتبڕی) جێگیر بكات، هەروەها شاعیرە ئەمریكییەكانی (بزوتنەوەی بیت Beat-) لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا لە پەیوەندیی بەردەوامدابوون لەگەڵ شاعیرانی هایكونووسی ژاپۆنی، ئەمەش لەڕێگەی گرنگیپێدانیان بە ئایینی بوودایی بووە، لەهەمان كاتدا ئەمانیش كاریگەرییان هەبووە لەسەر شیعر و ئەدەبیاتی ژاپۆني.

لە ساڵی ١٩٥٨ ز دا كتێبێك لەسەر شیعر و ئەدەبی ژاپۆنی بەناونیشانی (هایكای و هایكو) لە وەرگێڕانی (ڕ.هـ بلیس) لە چوار بەرگدا بڵاوبووەتەوە، ئەمەش وای لە شاعیرانی (بزووتنەوەی بیت Beat-) كرد كە زیاتر گرنگیی بە هایكو بدەن، پاشان لەساڵانی دواتردا چەندان گۆڤاری تایبەت بە فۆرمی شیعری هایكو لە ئەمریكا و

ئەوروپا دەرکران[1]، خەڵکی ژاپۆن کە وەک ئەمریکاییەکان لەنێوان دوو جەمسەری تێگەیشتن و سۆزدا لە هاتووچۆدان و لەم ڕووەوە بەئاسانی لەڕێبازێکەوە بۆ ڕێبازێکی دیکە دەچن، بەشێوەیەکی شێتانە پێشوازیی لە شیعری نوێ دەکەن[2].

سەربارى ئەوەی سۆنێتی ئینگلیزی تاڕادەیەک جیاوازە لە سۆنێتی ئیتاڵی، لەگەڵ ئەوەشدا، بوو بە یەکێک لە دیارترین و گرنگترین فۆرمە شیعرییەکان، ئاواش هایکو خزاوەتە ناو ئەدەبی گەلانەوە، بەتایبەتیی ئەدەبی ئەمریکی و ئەوروپی. زۆرێک لە شاعیرە بەناوبانگەکانی سەدەی بیستەم دەستیان دایە نووسینی ئەم فۆرمە شیعرییە، بەڵام جیاواز لەو دەقە هایکوانەی کە ژاپۆنییەکان دەیاننوسی وەک ((بروس ۆش)) ئاماژەی پێدەکات ((شاعیرە ئەمریکییەکان هایکوی ژاپۆنی بەواتا وردەکەی نانووسن، چونکە پەیوەستە بەهەندێ ڕێسای خۆیەوە، کە لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیا و سیمبول و ئاماژەکانی پەیوەست بە دەقئاوێزان گوزارشتەکانی ڕێکدەخات، هەروەها ئەو بەها دەنگییانەی تایبەتن بە فەرهەنگی ژاپۆنی)).

هەروەها ئەگەر بەوردی بڕوانینە دەقی شاعیرانی بزاوتی وێناگەریی، کاریگەریی هایکوی ژاپۆنی دیارە بەو دەقانەوە لە بەیاننامەکەی خۆیاندا ئاماژە بە هەندێ لە ڕێساکانی هایکو دەکەن، وەک بەکارهێنانی زمانێکی سادە و زمانی ژیانی ڕۆژانە و سەربەستیی لە هەڵبژاردنی بابەت و بەکارهێنانی وێنەکان لە ژیانی ڕاستەقینە و ڕیالیستیدا، چەشنی وێنەکێشەکان.

هەروەها شیعرێ بەرهەم بێنن کە بەهێز و ڕوون بێ و جەختیش لەوە کرایەوە کە وەک کرۆکی شیعر هەژمار بکرێت، لەکاتێکدا لە قسەکانی (ئیرزا پاوەند)دا هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ ئەم کاریگەرییە بەدی ناکرێت، کاتێک دەڵێت: ((وێنەی شیعری دەستەوجێ واتای لێکدراومان پێدەبەخشێت و هەستی ئازادکردنی کتوپڕمان

---

١) سەردار نوری، کەوتنەخوارەوەی مەراق، ل٢٦-٢٨.

٢) ویل دۆرانت، مێژووی شارستانییەت، ل٣٥٠.

دەداتێ، هەستکردن بەڕزگاربوون لە کۆتوبەندی زەمەن-شوێن، هەستکردن بەو بڵندییەی لە بەرامبەر کارە هونەرییە گەورەکاندا هەستی پێدەکەین)).

زۆربەی شاعیرانی ئەم بزاوتە، دەقیان لەسەر فۆرمی هایکو نووسیوە، لەوانە ((ئەزرا پاوەند (لە قەسیدەی) لە ((وێستگەی شەمەندەفەردا))[1]

لەوێستگەی شەمەندەفەردا،

تارمایی ئەم رووخسارانە لە قەرەباڵغیدا

پەڕەی گوڵ بەسەر چڵێکی تەڕی ڕەشەوە

کەواتە پەلکێشانی هایکو بۆ ناو ئەدەبیاتی گەلانی تر، لێرەوە دەردەکەوێ، کە گەلێک لە شاعیرە ناودارەکانی دنیا، بە دانپیانانی خۆیان کاریگەریی هایکویان لەسەربووە، وەک: (پول ئیلوار ١٩٥٢-١٨٩٥)، (تی.ئێس .ئیلیەت ١٩٦٥-١٨٨٦) ، (ئیرزا پاوەند -١٨٨٥ ١٩٦٥)، (ئۆکتاڤیۆ پاز ١٩٩٨-١٩١٤) ، (ڕابیندرانات تاگوور١٩٤١-١٨١٦ ) ئێستا لە زۆر کەلێن و قوژبنی جیهان، هایکو پەڕیوەتە ناو دیوانی شاعیرانی گەل و زمانانی تریشەوە[2].

١) ملکۆ ئەحمەد، هایکو لە ژاپۆنەوە بۆ کوردستان، ل٨٣-٨٥.

٢) ڕامان، ک.ج هەڵوەدا (بۆکان)، ژ١٤٧، ل١٠٠.

## هایکو لای عەرەبەکان.

مێژووی سەرهەڵدانی هایکو لە نیشتمانی عەرەبیدا.

(ئەدەبی عەرەبیش وەکو ئەدەبی گەلانی تر، دەیان ساڵە باوەشی بۆ فۆرمی هایکو کردووەتەوە، یەکەم ئاماژەی وشەی هایکو، لە وتارێکی (محمد عزيزة) و (محمد الماجری) لە تەمووزی ساڵی ١٩٦٧ لەژێر ناونیشانی (فن الشعر اليابانی)دا دەردەکەوێت، چەند ساڵێک دواتر لە تەممووزی ١٩٧٣ (صفاء الشاطر) کتێبی (الشعر اليابانی الحديث)ی (دۆناڵدکەین) وەردەگێڕێت بۆ سەر زمانی عەرەبی. دوای ئەو بەدیاریکراوی لەساڵی ١٩٧٤ (عدنان بغجاتی) نامیلکەیەکی بەناونیشانی (روية شرقية: اشعار يابانية) بڵاوکردەوە، کە لە بەغدادی پایتەخت لە چاپخانەی (دار الحرية)ی سەر بە وەزارەتی ڕاگەیاندنی عێراقی چاپ و پەخشکراوە. نامیلکەکەی دەقی چەند شاعیرێکی وەکو (باسهۆ و ئیسا و بۆسۆن و کیتو و نیتسوراو شیکی و رانکو) ی لەخۆگرتبوو، لەبەر ئەوەی دەقەکان لەزمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕدرابوون و چاوپۆشی لە سیستمی سێ دێڕی نەکرابوو، بەڵکوو کراونەتە چوار دێڕ و زیاتریش. هەر لە حەفتاکاندا ساڵی ١٩٧٦ وتارێکی هاوبەشبیان بەناونیشانی (فن الشعر اليابانی) لە گۆڤاری (الفكر) بڵاوکردەوە، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٢ (کاظم سعدالدين) هەستاوە بەوەرگێڕانی وتارێکی (جیفری یوناس) بەناونیشانی (الشعر اليابانی الحديث) لە ژمارە دووی گۆڤاری (الثقافة الاجنبية)[١]

لای عەرەبەکانیش بەهەمان شێوەی وڵاتانی تر، هایکو سەرەتا لە ڕێگەی چەند زمانێکی وەکو ئینگلیزی و ژاپۆنییەوە، بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوە، بناغەدانەری هایکوی عەرەبی و یەکەم کەس کە بە هایکو ئاشنا بووبێت و هایکوی نووسیبێت، ئەویش شاعیر و بیرمەندی گەورەی فەڵەستینی (عیزەدین ئەلموناسرە- ١٩٤٦)یە، کە لە ساڵی ١٩٤٦ شیعری (هایکو و تانکای) بڵاوکردووەتەوە. هەوڵەکانی (محمد

---

١) ملکۆ ئەحمەد، هایکو لە ژاپۆنەوە بۆ کوردستان، ٢٠١٨، ل٩٥.

عوزەیمە)یش شارەزا لە زمانی ژاپۆنی، بە گەورە و گرنگ دەبینرێت، لە وەرگێڕانی هایکو ڕاستەوخۆ لە زمانی ژاپۆنییەوە بۆ زمانی عەرەبی و لە سازکردنی دیدار و چاوپێکەوتنی شاعیرانی ژاپۆنی و ئامادەکردنی (ئەنتۆلۆژیای شیعری نوێی ژاپۆنی) بەزمانی عەرەبی[1].

## هایکو لای فارسەکان.

(لە سەدەی بیستەمدا و بەتایبەتی لەدوای (جەنگی جیهانی دووهەم)ەوە، فۆرمی شیعری هایکو بەتەواوی لە وڵاتی ژاپۆنەوە بەرەو وڵاتانی تری دونیا پەلی هاویشت و بوو بە شیعرێکی جیهانی، لەوە بەدواوە گەل و وڵاتان بەشێوەی گونجاندن لەگەڵ زمان و گونجاویی بڕگەی دەنگی زمانی خۆیاندا، هایکو دەنووسین)[2]

لە فارسەکاندا، ((سوهراب سپهری)) یەکەمین کەسە هایکووی ناسیوە و باسی هایکویشی بۆ زمانی فارسی وەرگێڕاوە، چونکە سوهراب شارەزاییەکی باشی لەزمانی فەرەنسی و ئینگلیزییدا هەبووە و هەندێ شیعری چینی و ژاپۆنی کە ((هایکویشی تێدایە)) لە ئینگلیزییەوە بۆ فارسی وەرگێڕاوە، دواتر چەند شاعیر و نووسەری تری فارس، وەک ئەحمەدی شاملۆ، ع.پاشایی و هی تریش، هەوڵی ناسینی هایکو و وەرگێڕانی و هایکونووسینیان داوە، یەکەمین کتێبیش بە زمانی فارسی لەبارەی (هایکو) بەناونیشانی (هایکو، شعر ژاپنی، از اغاز تا امروز، برگردان احمد شاملو، ع.پاشایی)یە، کە لەکۆتایی ساڵی نەوەدەکان وەریانگێڕاوە[3]، بەپێی ئەو نووسراو و وتارانەی لەزمانی فارسیدا سەبارەت بە هایکو نووسراون، بۆمان دەردەکەوێت ئەم ژانرە شیعرییە لەساڵی ١٩٩٩ی زاینییەوە هاتۆتە ناو جوگرافیای ئەدەبی فارسییەوە،

---

١) سەردار نۆڕێ، کەوتنە خوارەوەی مەراق، ٢٠١٩، ل٢٩-٣٠.

٢) سەردار نۆڕێ، کەوتنە خوارەوەی مەراق، ٢٠١٩، ل٣١.

٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣١-٣٢.

بەپێی دیمانەکەی (سیروس نەوزەردی) لەگەڵ سایتی فێرخوازانی ئێران (ایسنا)، کە وتی: لەوکاتەوەی کتێبی "هایکو" لە وەرگێڕانی (ئەحمەدی شاملۆ) و (ع.پاشایی) " هایکو لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ" بڵاوبووەتەوە، تا ساڵی ١٩٩٩ و دواتریش درێژەی کێشا، کە ئەم ژانرە ئەدەبییە، نزیکەی پانزە ساڵی خایاند، تا بەم فۆرمەی ئێستایەوە لە ئەدەبیاتی فارسییدا جێگیر بێت، فارسەکان هەر بەسروشت، زوو شت وەردەگرن و خۆیانی لەگەڵدا دەگونجێنن، بەتایبەت لە بابەتی تازە پەیدابوودا، یان بۆ تێکەڵ بوون لەگەڵ فەرهەنگی گەلاندا، هەر بۆیە لەپێش عەرەبەکان و کوردەکانیشەوە باوەشیان بۆ هونەری هایکو کردووەتەوە و لە خاکی ئەدەبیاتی خۆیاندا ڕوواندوویانە[١]، یەکەمجار (حەسەن فیاد) پەرژاوەتە سەر وەرگێڕانی دەقی هایکو بۆسەر زمانی فارسی، بڵاوکردنەوەی چەند دەقێکی هایکو لە گۆڤاری (ئارش) دەبێتە یەکەم ئاماژە بۆ تەشەنەکردنی ئەم فۆرمە شیعرییە لە ئێراندا، دەتوانین بڵێین سوهرابی سپێهری و ئەحمەدی شاملۆ، دەریچەیەکیان لە هایکو بەڕووی توێژی خوێنەر و وەرگری ئێرانیدا کردەوە، بەچەشنێک سپێهری چەند هایکویەکی بەوەرگێڕانێکی کێشدارەوە پێشەش کرد و شاملۆ بەهاوکاری حەسەن فیاد "دوازدە شیعری ژاپۆنییان بەناونیشانی گۆرانییەکانی سەرزەمینی هەتاو" وەرگێڕا و لە ساڵی ١٩٧٣ ز دا لە شیعری گوفتار – بەنووسینی کتێبی "قومری خەمخۆر لەشەوی پاییزدا" ١٠٠١ هایکوی فارسی خستووەتەڕوو، بەڕێگایەکی گونجاو ڕێگەیەکی دیکەی بەخشییە شیعری ئێرانی و ڕەسەنایەتییەکەی، هەربۆیە ئەم چوارچێوە شیعرییە بەخێرایی و بەربڵاوی لە ئێراندا درێژەی کێشا[٢]

---

١) ملکۆ ئەحمەد، هایکو لەژاپۆنەوە بۆ کوردستان، ل١٠٤

٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥-١٠٦

## هایکو لە باشووری کوردستان (هایکوی کوردی).

(هەر ژانرێکی ئەدەبی، وەکوو کانییەکی تازەتەقیوو وایە، کە دەورووبەری خۆی تەڕکرد، ئیتر وردەوردە دەستدەکات بەڕۆیشتن، بۆ دۆزینەوەی ڕاڕەوی خۆی، هایکویش دەمێکە کورد ناسیویەتی و لەڕێگەی وەرگێڕانەوە هێڵە پانەکانیان خوێندووەتەوە، بەڵام مخابن لەبەر درەنگ پەیدابوونی شیعری ئازاد و درێژەکێشانی جێگیربوونی لە ئەدەبی کوردیدا، فۆرمە ژاپۆنییەکان نەیانتوانی جێگەی خۆیان لەدڵی خوێنەری کورددا بکەنەوە، چونکە هێشتا شەڕی کۆن و نوێ یان کلاسی و نوێگەری لە لوتکەدا بوو)[١]

سەبارەت بە شکاندنی ڕێسای کێش و سەروا و عەرووزی کلاسیکی، لەپاڵ ئەوەشدا نەبوونی سەرچاوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، لەسەر مێژوو و چەمکی هایکو بە زمانی عەرەبی، ئاستەنگێکی تر بوو لەبەردەمیدا، چونکە چەند وتارێکی ئینگلیزییان وەرگێڕابووە سەر زمانی عەرەبی، کە لە پەنجەکانی یەک دەست تێپەڕیان نەدەکرد[٢]

((لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکانیشدا، لەناو هەندێ شیعری شاعیرانی کورددا، جارجار هەندێ کورتە شیعر "پۆستەرە شیعر"، تاڕادەیەک لەشێوەی شیعری هایکو، بەرچاو دەکەون، بەڵام ئەو شاعیرانە بەئەنقەست و بەمەبەستی هایکو نەیاننوسیوە لەگەڵیدا ئاماژەیان بە وشەی هایکو نەداوە، بەڵکوو مەبەستیان (کورتە شیعری سێ دێڕی یان کەمتر و زیاتر) بووە، کە نووسینی شیعرەکە هەر هێندەی خواستووە، ئەمەش لەژێر کاریگەری شاعیرانی عەرەبیدا بووە))[٣]

((لە ساڵانی نەوەدەکانیشدا، جارجار لەگۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، هایکو و نووسین لەبارەی هایکو (چ کوردی و چ وەرگێڕان) بڵاوکراونەتەوە، یەکەمین کتێب کە بەزمانی

١) ملکۆ ئەحمەد، هایکو لەژاپۆنەوە بۆ کوردستان، ل١١١

٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.

٣) سەردار نۆڕێ، کەوتنەخوارەوەی مەراق، ٢٠١٩، ل٣٨.

کوردی لەسەر بەرگەکەی وشەی (هایکو- هایکۆ) نووسرابێت، کتێبی (تریفەی مانگ لەسەر دارکاژ)ە، کە کۆمەڵێک هایکوی شاعیرانی کۆنی ژاپۆنییە و ((نیکی کەریمی)) بۆ زمانی فارسی وەریگێڕاوە، ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٧ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بەو کتێبانەی کە تایبەتن بە هایکوی کوردی یان هایکویشیان تێدایە، شاعیر و ڕۆژنامەنووس (شەماڵ ئاکرەیی) لەساڵی ٢٠١٠ کتێبی هایکوەکانی بەناونیشانی (ژ سیتاڤکێن دوهی و ئەڤرۆ) چاپ کردووە، ئەمەش یەکەمین کتێبی شیعری (هایکوی کوردی)ی چاپکراوە لە باشووری کوردستان))[١]

١) سەردار نۆڕێ، کەوتنەخوارەوەی مەراق، ٢٠١٩، ل٣٩-٤١.

# بەشی دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی هایکو لە ئەدەبی کوردیدا.

## تەوەری یەکەم: دەرکەوتنی هایکو لە ئەدەبی کوردیدا، لە باشووری کوردستان.

## تەوەری دووەم:  یانەی هایکوی کوردی.

## تەوەری یەکەم: دەرکەوتنی هایکو لە ئەدەبی کوردیدا، لە باشووری کوردستان.

هەموو وشەیەک یان هەموو ژانرێک پێویستە بەدوای ناوکەکەیدا بگەڕێین، ناوکی ژانری هایکو لە ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وتارەی مامۆستا (لەتیف هەڵمەت) لە گۆڤاری (الثقافة الاجنبیةی١٩٨٢)، کە یەکەم جار بوو وشەی هایکو ببیسترێ لە باشووری کوردستاندا[١].

(ئەدەب، وەک بەرهەمێکی قووڵی ئایدۆلۆژی و عەقڵی مرۆڤە، کە کۆڵەکەی هاوبەشی نێوان مرۆڤەکانە، بە جیاوازیی کەلتوور و زمانیانەوە، هەر لەبەر ئەو هاوبەشییەیە کە زانستی (ئەدەبی بەراورد) هاتووەتە کایەوە[٢].

قۆناغێکی وەرچەرخان بۆ ناساندنی هایکو و بڵاوبوونەوەی بە هەموو کوردستاندا. دامەرزاندنی (یانەی هایکوی کوردی)یە کە ساڵی ٢٠١٧ لە باشووری کوردستان دامەزراوە، (لە تەوەری دووهەم وردتر باسی دەکەین)، یانەکە بەشی لاتینیشی هەیە لە سوریا، تورکیا، دهۆک، کە بە لاتینی دەقی هایکو بڵاودەکەنەوە، لەوێ (دکتۆرە شاهیناز) نوێنەری یانەکەیە، سەرەتای سەرهەڵدانیشی تەنها چاولێکەری بووە[٣].

وەک کاری لێکۆڵینەوە و نووسین لەسەر هایکو ((لەساڵی ٢٠٠٧دا "بوشرا کەسنەزانی" توێژینەوەی بەکالۆریۆسەکەی بەناونیشانی (پۆستەرە شیعری کوردی و هایکوی ژاپۆنی) وەک کتێب چاپ کردووە. لەساڵی ٢٠٠٨ ژنەشاعیری کوردی ڕۆژهەڵات (شەویار گوڵابی ئازەر) لە شاری مەهاباد، دیوانی هایکوەکانی لەژێر

---

١) د.ملکۆ ئەحمەد، چاوپێکەوتن.

٢) د.ملکۆ ئەحمەد، هایکو لەژاپۆنەوە بۆ کوردستان، ل١٢٥

٣) د.ملکۆ ئەحمەد، چاوپێکەوتن

ناونیشانی (با ـبا ـ چیتر نەتانخوسێنێ) بڵاوکردوەتەو، کە بە یەکەمین کتێبی هایکو دادەنرێت لە ئەدەبی کوردییدا، ئەم کتێبە ٨٨ دەقی هایکو لەخۆدەگرێت.[1]

((یەکەمین کتێبی هایکو کە چاپکرابێت لە باشووری کوردستان، کتێبی: (ژ ستاڤێکن دوهی و ئەڤرۆ)ی شاعیر و ڕۆژنامەنووس (شەماڵ ئاکرەی)یە، کە لە ساڵی ٢٠١٠ بڵاوبووەتەوە. (ئەویننامە) ناونیشانی کتێبێکی (د.ڕەفیق سابیرە)، لە ساڵی ٢٠١٧ چاپکراوە، کە (٢٤) شیعرو (٢٩) هایکو لەخۆ دەگرێت. کتێبی (هایکوەکانی قوباد) ساڵی ٢٠١٧ چاپکراوە، ئەم کتێبە نزیکەی (٣٠٠) هایکوی شاعیری تێدایە لەگەڵ چەندان شیعری کورە و درێژدا. کتێبی کۆمەڵە شیعری (نیشتەجێی نیشتمانێکم... نەخۆشخانە)ی شاعیر (ڕۆژ هەڵەبجەیی) کە لە ٢٠١٧ بڵاوبووەوە هەندێ هایکوی تێدایە. لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٨ دا (ملکۆ ئەحمەد) بەهەردوو زمانی (کوردی و عەرەبی) لە دوو کتێبدا (٥٠) هایکوی خۆی بەناونیشانی (سرودەکانی میزۆپۆتامیا) (اناشید میزوبوتامیا) بەشێوەی ئەلیکترۆنی pdf بڵاوکردەوە، کە هەر خۆی کاری وەرگێڕانی بۆ کردووە، کتێبی هایکوی (لەگەڵ پەپوولەی بێ باڵ، ماچ ناگۆڕنەوە-گوڵە سورەکان) بەرهەمێکی هاوبەشی هەردوو هایکونووس (سارەوان عبدالله و فریاد محمد)ە، کە (١٧٨) هایکوی تێدایە، لە بەهاری ٢٠١٨ چاپ بووە، کە زۆرینەیان لە پەیجی یانەی هایکووی کوردییەوە پێشتر بڵاوکرابوونەوە. کتێبی (تەلسیم)ی (نادیە کەریم) کە (٨١) هایکوی تێدایە، لەگەڵ دەیان شیعری درێژ و چوارینەدا، ساڵی ٢٠١٨ چاپکراوە، هەروەها دیسان (نادیە کەریم) لە ساڵی (٢٠١٨) کتێبێکی تایبەت بە هایکو دەستە خوشکانی بەناونیشانی (تەزبیحی قەزوان) بەچاپ گەیاند. کتێبی هایکوی (هەبین)ی هایکونووس (سەربەست مەجید) لە پاییزی ٢٠١٨ بڵاوبووەوە. هەروەها (قوبادی جەلیزادە) دوو کتێبی هایکوی بەزمانی (کوردی و عەرەبی) لە پاییزی ساڵی

---

١) سەردار نوری، کەوتنەخوارەوەی مەراق، ل٣٣

٢٠١٨ به ناونیشانی (بەردێک دەگرمە کیسەڵێک و (حصة العصافیر) بە چاپ گەیاند.))[١]

ئەمە و چەندان بابەت و ڕانان و نووسینی گرنگی تر، لەگەڵ نووسینەکانی مامۆستا ملکۆ و قوبادی جەلیزادە و زانیارییەکانی دکتۆر زانیار فایەق و بابەتێکی شاعیری گەورەی کورد (لەتیف هەڵمەت) لەبارەی هایکوە، لەگەڵ هەوڵەکانی یانەی هایکوی کوردی توانرا لەناو کورددا وشەی هایکو بچەسپێنرێت دوای ساڵانێ بە ئەمری واقیع و بەردەوام بوونیان، شاعیرانی کوردیش بە کوردی نووسییان و لەناو مێژووی ئەدەبیاتی کوردییدا چەسپاندیان[٢].

هەروەها ((کتێبی "کەوتنەخوارەوەی مەراق"ی (سەردار نۆڕێ)، کە (٦٠٠) هایکو لەخۆدەگرێت، لە ساڵی ٢٠١٩ چاپ و بڵاوکرایەوە، لەگەڵ چەندان کتێبی تر کە بڵاوکرانەتەوە، کە ئەمانەیش لە هەوڵەکانی یانەی هایکوی کوردیین، ئەو کتێبانەیشی کە لە ساڵی ٢٠٢٠ بڵاو بوونەتەوە ئەمانەن: کتێبی (زیخ دانە دانە)ی ملکۆ ئەحمەد، (چرۆی وشە)ی پەری عەبدوڵا، (زەنگیانە)ی سامان گەردی، (سێبەری تەڕ)ی ڕزگار جەباری، (گەردانەی مێخەک)ی هاڤان محمد، (دەنکی هەنار)ی محمد مەلا ڕەحمان، (ئەستێرە چاو دادەگرێ)ی نادیە کەریم، (گوڵدانکا سۆسنا)ی تیرۆژ ئامێدی.))[٣]

(لەساڵی ٢٠٢١ گفتوگۆی نامەی ماستەری توێژەری کورد (هەڵمەت عوسمان) لە زانکۆی ئازاد، لە شاری تەبرێزی وڵاتی ئێران بەناونیشانی (برسی تطبیقی شعری هایکو در اشعار فارسی - کردی) ١٤٠٠-١٣٨٥ شمسی، (لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری شیعری هایکو فارسی و کوردی) لە ٢٠٠٦-٢٠٢١ زایینی، بەسەرکەوتووی ئەنجام درا (ماستەر نامەکە بەراوردە لەنێوان هایکووەکانی ئەم هایکونووسانە:

١) سەردار نۆڕێ، کەوتنەخوارەوەی مەراق، ل٤١-٤٣.

٢) گۆڤاری هایکیست، ژ(١)، ل١٩-٢١.

٣) سەردار نۆڕێ، چاوپێکەوتن

هایکونووسە کوردەکان: (قوبادی جەلیزادە، ملکۆ ئەحمەد، نادیە کەریم، سەردار حەمید (نۆرِیَ)، علی محمد امین، پەری عبدالله، ڕووناک تۆفیق، شەماڵ ئاکرەیی، ئیسماعیل ئەعزەمی، شەویار گوڵابی ئازەر، تیرۆژ ئامێدی، هاڤان محمد)

هایکونووسە فارسەکان : ((رضا اشفته، مرمر الفت، پژمان الماسی نیا، علی اضغر وردی، مرجان علیزارە، سید رضا علوی، کاوە گوهرین، سیروز نوذری[١]

بەپێی ئەم بۆچوونانە کە هەوڵەکانی (یانەی هایکوی کوردی) دەیدەن، هایکو گەیشتووەتە وڵاتانی تر و وەرگێڕدراوە بۆ زمانەکانی تر، وەک: زمانی (عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی، سویدی، دانیمارکی و ژاپۆنی... هتد)

١) پەیجی یانەی هایکوی کوردی، ٢٠١٧

## تەوەری دووەم:  یانەی هایکوی کوردی

له مانگی ١١ ی ٢٠١٧ یانەی هایکوی کوردی دامەزرا، هەنگاوی یەکەمی بەدانانی پەڕەیەکی فەیسبوکی دەستپێکرد، لەماوەی یەک مانگدا زۆرێک له شاعیران لەهەردوو ڕەگەز پەیوەندییان به یانەکەوه کرد و بابەتی هایکویان له پەڕەیەکدا بڵاودەکردەوه[١]، له مانگەکانی سەرەتای یانەکه کۆمێنته گرنگەکانی "مامۆستا ملکۆ ئەحمەد و دکتۆر زانیار فایەق و شاعیر قوبادی جەلیزاده" سوودێکی زۆریان هەبووه، چونکه زانیاری و وردەکاریی چاکیان لەسەر هایکو دەخستەڕوو[٢]، هەروەها بیرۆکەو یەکەم هەنگاوی دروستکردنی یانەکه، لەلایەن "ملکۆ ئەحمەد" بووه، بەتەنها کاری له پەیجی یانەکه کردووه به وەرگێڕانی شیعری هایکو له زمانی ئینگلیزی و فارسی و عەرەبییەوه[٣]، بەخێرایی بڵاچه یانەکه له هەموو دنیادا بڵاوبوویەوه، هەروەها "سەردار نۆڕێ" که لەلایەن ملکۆ ئەحمەد بانگهێشتی یانەکه کرابوو لەدوای بەئەندامبوونی له هەفتەی یەکەم و دامەزراندنی یانەکەوه خۆبەخشانه وەک بەڕێوبەری (یانەی هایکوی کوردی) کاری ئەدمینی پەیجی گرته ئەستۆ[٤] و دەستی کردووه به بانگهێشتی کەسانی تر بۆ یانەکه، پاشان بەوەرگرتنی شارەزایی زیاتریش بۆخۆی و بۆ هاوڕێیانی یانەکەش، پاشان دەستی کردووه به نووسین و ئامادەکرنی بابەت و پۆستکردنیان له پەیجی یانەکەوه. له هەمووی گرنگتر بابەتێک بوو بەناونیشانی ((سەبارەت به هایکو که له سێ باسی گرنگ پێکهاتووه (هایکو چییه؟ ڕێساکانی هایکوونووسین، بەناوبانگترین هایکونووسانی ژاپۆن و کۆمەڵێک له هایکوکانیان، که (محمد تەرەغه) له فارسییەوه

---

١) ملکۆ ئەحمەد، هایکو لەژاپۆنەوه بۆ کوردستان، ل١١٥.

٢) گۆڤاری هایکیست، یانەی هایکوی کوردی، ل١٩.

٣) ملکۆ ئەحمەد، کوردپیدیا، kurdpedia.org

٤) ملکۆ ئەحمەد، هایکو لەژاپۆنەوه بۆ کوردستان، ل١١٦.

وەریگێڕابوو))[١]، هەروەک لەسەرەتادا چاوەڕوان دەکرا، کەسانێکی زۆر بوون بە بەرهەڵستکار و هێرشیان دەکردەسەر یانەکە و هایکونووسان، بەتۆمەتی لادان لە نەریتی شیعری و پشتگوێخستنی گەنجینەی شیعریی، چونکە ئەم هەنگاوەیان پێ هەرس نەدەکرا، نووسینی ئەم جۆرە هایکوە (هایکوی ئازاد)یان لەلا هەڵە بوو. دواتر توانرا فۆرمەکانی تری وەک (سینریو تانکا و هایبوون) فێری ئەندامانی یانەکە بکەن، لەبەر نەبوونی زانیاریی تەواو لەلای نەیارانی یانەکە، دوای چەند مانگێک یەکەم دیوانی هایکو بەناونیشانی (سرودەکانی میزۆپۆتامیا) بە ئەلیکترۆنی دەرکرا، بەمەش یەکەم دیوانی هایکو و سینریو و تانکاو هایبوون لە مێژووی ئەدەبی کوردی دەرچوو. یەکێکیش لەو بڵاوکراوە گرنگ و مێژووییانەی کە بوو بە جێگەی سەرنجی هەموو لایەک، لەدایکبوونی گۆڤاری (هایکیست)بوو، جگە لەسەروتار، دەیان دەقی "هایکو و سینریو و تانکا"ی لەخۆ دەگرت. دوای ماوەیەک هەردوو هایکونووس ((سارەوان عبدالله و فریاد محمد، لە ساڵی ٢٠١٨ بەهاوبەشی دیوانی (لەگەڵ پەپوولەی بێباڵ ماچ ناگۆڕمەوە- گوڵە سوورەکان)یان لەچاپ دا و دەنگۆیەکی باشی هەبوو لە ناوەندە ئەدەبییەکاندا[٢]، هەروەها هایکونووسانی یانەی هایکو کوردی دەستیان بۆ هایکوی تەنز بردووە و تیاشیدا سەرکەوتوو بوون[٣]. شاعیر (قوبادی جەلیزادە) وێڕای بڵاوبوونەوەی هایکوکانی لە دیوانێکدا لەساڵی ٢٠١٧ بە هایکوی تۆکمە و مەرجدارو نوێوە، لەگەڵ سارا نامۆ پێشانگایەکی هاوبەشیان ڕاگەیاند، هایکوکانی قوباد بوون بەچەقی فۆتۆکانی سارا نامۆ)). هەروەها زۆرکەس و هایکونووسەکان (هایکیستەکان) لەڕێگەی یانەکەوە خوێندنەوەی نووسین و بابەتە پۆستکراوەکانی پەیجی یانەکەوە لە دەستپێک و سەرەتای نووسینی هایکو و ئاشنابوون بەهایکو[٤].

---

١) گۆڤاری هایکیست، یانەی هایکوی کوردی، ل١٨-١٩.

٢) ملکۆ ئەحمەد، هایکو لەژاپۆنەوە بۆ کوردستان، ل١١٦-١١٧.

٣) گۆڤاری هایکیست، یانەی هایکوی کوردی، ل٥٤.

٤) گۆڤاری هایکیست، یانەی هایکوی کوردی، ل٢١.

# بەشی سێیەم: پاییز لە هایکوی هایکیستانی باشووری کوردستاندا

١. هایکوکانی قوبادی جەلیزادە
٢. هایکوکانی ملکۆ ئەحمەد
٣. هایکوکانی سەردار نۆڕێ
٤. هایکوکانی نادیە کەریم
٥. هایکوکانی سامان گەردی
٦. هایکوکانی ڕزگار جەباری
٧. هایکوکانی ئەکرەم هەواس
٨. هایکوکانی هاڤان محمد
٩. هایکوکانی محمد مەلا ڕەحمان
١٠. هایکوکانی سەربەست مەجید
١١. هایکوکانی پەری عبداللە
١٢. هایکوکانی عەلی ئەمین

## هایکوکانی قوبادی جەلیزادە

ڕووت ڕووتی کردەوە، پاییز
بە چڵێک سێبەر خۆی داپۆشیوە-
دارهەنارە شەرمنەکە(١)

لێرەدا گەڵا دەوەرێ، دارهەنار کە دارێکی تەنک و ناسکە بە کەسێکی چواندووە کە جلی لە بەردا نەبێت، ئەمەیش دەبێتە مایەی شەرمکردنی. بەڵام دەسەڵاتی خۆداپۆشینی نییە، ناچار بە سێبەری لقەکانی دارەکە یان چڵێک سێبەر، خۆی دادەپۆشێت.

پایز
ماڵئاوایی لە لقی درەخت دەکات،
گەڵای ناو جۆگەلەکە(٢)

زۆربەی دارو درەختەکان لە پاییزدا گەڵاکانیان دەوەرێت، ئەو دارەی کە هایکیست لەم هایکودا مەبەستێتی، دارێکە کە نزیک جۆگەلەیە یان دەڕوانێت بەسەر جۆگەلەدا، بۆیە هەر گەڵایەک کە دەوەرێت دەکەوێتە جۆگەلەوە و ماڵئاوایی لە لقی درەخت دەکات.

---

١) قوبادی جەلیزادە، هایکوکانی قوباد (شیعر)، چاپخانەی تاران، ٢٠١٧، ل١٥٦.
٢) قوبادی جەلیزادە، بەردێک دەگرمە کیسەڵێک- هایکو، چاپی یەکەم، ٢٠١٨، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ل١٣٣.

## هایکوکانی ملکۆ ئەحمەد

تەرمەکان دەگلێنێ،

چ کۆمەڵکوژییەکە-

گەڵای وەریو![1]

مەبەستی هایکیست لەم دەقەدا ئەوەیە کە کۆمەڵێک تەرم کەوتوون، کە کەسێک پاڵی پێوە دەنە و دەیبا، کە ئەم هەموو گەڵایە وەریون کۆمەڵێک تەرمن چی کۆمەڵکوژییەکە! لێرەدا مەبەستی (با)یە، کاتێک هەڵدەکات و گەڵا دەوەرێنێ وەکو کۆمەڵکوژی وایە، بەڵام لە دەقەکەدا ڕاستەوخۆ وشەی (با)ی بەکارنەهێناوە کە وشەیەکی شاراوەیە لە پشتی هایکوەکەوە، کە (گەڵای وەریو) و (تەرمی) چواندووە بە یەک، لێکچوواندن دروست دەکات.

مردنی شەرفمەندانە،

بەدەم سەماوە دەمرێ

گەڵا[2]

لەم دەقەدا هایکیست باسی کەسێک دەکات، کە وەک پاڵەوان وایە بە مەردانە ئەژی، بۆ هەر شتێک کە ڕوو دەدات خۆی ناداتە دەست ڕووداوەکانەوە و لەسەر پێی خۆی دەوەستێت، یان کەسێکە لە جەنگدا بێت تا دوا دڵۆپی خوێنی شەڕ دەکات و خۆی نادات بە دەستەوە، کە ئەمە مردنێکی سەربەرزانەیە. لێرەدا هایکیست (مردنی شەرەفمەندانە) و (مردنی گەڵا) کە مەبەستی وەرینی گەڵایە لێکچوواندووە، بەم جۆرە لێکچوواندن دروست دەکات.

١) ملکۆ ئەحمەد، زیخ دانە دانە- هایکو، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠، ل١٦.

٢) ملکۆ ئەحمەد، سرودەکانی میزۆپۆتامیا- هایکو، چاپی یەکەم، ٢٠١٨، ل١٠.

## هایکوکانی سەردار نۆڕێ

مانگەشەوی پاییز،

پەزەکان لەشەوەکەژن،

گەواڵە هەورەکان![1]

لە پاییزدا زۆربەی زەوی ڕووتەو گژوگیایەکی ئەوتۆی لێ نییە، شوانەکانیش ناچار بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان، پاییزان شەوەکەژ دەکەن، چونکە بە ڕۆژ ئاژەڵەکانیان تێر نابن، ناچار بە شەویش دەمێننەوە بۆ لەوەڕاندن. لێرەدا مەبەستی هایکیست ئەوەیە، کە (گەواڵە هەورەکان) لە مانگەشەودا وەک کۆمەڵێک مەڕ و بزن (پەز)ن یان خوری مەڕن، کە لێکچووی یەکن. کاتێک لە زەوییەوە سەیری ئاسمان بکەیت یانیش بەپێچەوانەوە، کاتێ لە ئاسمانەوە سەیری زەوی بکەیت و هەر بەڕاستی مەڕ و بزن ببینیت.

لەسەر گۆمی پاییزم،

بریسکانەوەی پارچەیەکی زیوو

سکی ماسی![2]

مەبەست لەم هایکویە، کەسێکە کە لەسەر گۆمی ئاو یان دەریایەک دانیشتبێت لە پاییزدا کە ئاو زۆر ڕوون و پاکە، کاتێکیش خۆر بدات لە ئاوەکە، ماسییەکانی ناوی کە خۆیان دەخەنە سەرلا و پشتاوپشت دەکەن، ژێر سکیان بریسکانەوەیەک دروست دەکەن، ڕێک وەکئەوەی پارچەیەک زیوو یان پارچەیەک شووشە ڕووبەڕووی خۆرەکە بکەیتەوە.

---

١) سەردار نۆڕێ، کەوتنە خوارەوەی مەراق، ل١٨٢.

٢) هەمان سەرچاوە، ل١٨٤.

# هایکوکانی نادییە کەریم

میوانێکی ڕۆح سوکی پاییزە،

گەڵا دڵی بۆ ڕادەخا

زەردی خۆر[١]

پاییز تەمەنێکی کورتی هەیە و ڕۆژگاری پاییزیش هەر کورتە، وەکو کاتی خۆرئاوابوون کە دیمەنێکی جوانی هەیە، گەڵایش زەردە لە پاییزاندا، کە وێنەی دیمەنی خۆر ئاوابوونە، چونکە کاتێک ئەو دیمەنە کورتە، وەکو میوانێکی ڕۆح سووک وایە دانیشتن و گفتوگۆکردن لەگەڵی خۆش بێت، دەردە دڵ بۆیەک بکەن، لێرەدا (میوانێکی ڕۆح سوک) و (زەردی خۆر) لێکچواندن دروست دەکات.

جوانیی سروشت لەوەدایە،

نۆتە گەڵا دەوەرێنێ

گڤەی با![٢]

لێرە نۆتە گەڵا مەبەستی (نۆتەی) مۆسیقایە، گڤەی با (دەنگە) ئێمە (با) نابینین، بەڵام گوێمان لە دەنگی دەبێت، کە لێرەدا (نۆتە) مەبەستی ئاوازی مۆسیقایە و لەگەڵ (گڤەی با) لێکچواندن دروست دەکات، کە ئەمەیش جوانی بە سروشت دەبەخشێت, کاتێک (با) گەڵا دەوەرێنێ و دەکەوێتە ئەرز.

١ ) نادییە کەریم، ئەستێرە چاو دادەگرێ-هایکو، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠، ل٤.

٢ ) هەمان سەرچاوە، ل١٨.

# هایکوکانی سامان گەردی

بەلەمێ بێ چاروگە،

کێ بزانێ لەکوێ لەنگەر دەگرێ

گەڵای بەجێماو! [1]

لەم دەقەدا هایکیست مەبەستی ئەوەیە ئەگەر بەلەمێکی بێ چارۆگە بێ، لەکوێ دەوەستێ؟ ئایا ئەم گەڵا بەجێماوە، کە وەکو بەلەمی بێ چارۆگە وایە لەکوێ دەوەستێت؟ کە بەجۆرێ (گەڵای بەجێماوی) چواندووە بە (بەلەمی بێ چارۆگە) گەڵای بەجێماو و بەلەمی بێ چارۆگە لێکچوواندنی دروست کردووە.

دەنگی با

سەمای گەڵا

دارێک خۆی ڕووت دەکاتەوە![2]

لەم دەقەدا، کاتێک —با– هەڵدەکات، گەڵای دارەکان دەکەون و دارەکان بێ گەڵا دەمێننەوە، بەمەش لقی دارەکان ڕووت دەبنەوە، وەکو ئەوەی کە سەما بکەن بەردەبنەوە، ئەمەیش زیاتر لە پاییزدا ڕوودەدات. چونکە گەڵا زەرد دەبێت، کاتێکیش با هەڵدەکات، گەڵاکان دەوەرن.

---

١) یانەی هایکوی کوردی، یانەی هایکیست، کوردستان- گەرمیان، کەلار، ژ.٢، ٢٠١٩، ل١٢.

٢) سامان گەردی، زەنگیانە- هایکو، کوردستان، ٢٠٢١، ل١٤.

## هایکوکانی ڕزگار جەباری

دڵۆپ دڵۆپ دەچۆڕێ،
لە نووکی دڕکی زەردەوە-
تیشکی کەم تینی پاییز[١]

لەم هایکویەدا هایکیست (تیشکی کەم تینی پاییز) دەچووێنێت بە (دڵۆپە ئاو) کاتێ دەچۆڕێ لە بەلووعەوە. ئەمیش وێنەیەکی شیعری جوان دروست دەکات.

دڵۆپە باران-
بەسەر گەڵای زەلەوە،
تریسکەی پاییز[٢]

لێرەدا دڵۆپە باران، مەبەستی بارانی تاو تاوە، گەڵای زەلیش کە لە پاییزاندا، بۆ گسک بەکاردێ، (تریسکەی پاییز) مەبەستی (تیشکی خۆرە)، کاتێک ئاوەکە دەکەوێتە سەر زەلەکان و پاشان تیشکی خۆر لێی دەدات، بریسکانەوە دروست دەکات.

١ ) ڕزگاری جەباری، سێبەری تەڕ-هایکو، چاپی یەکەم، هەولێر، بنەسڵاوە، ٢٠٢٠، ل٤.

٢ ) هەمان سەرچاوە، ل١٦.

# هایكوكانی ئەكرەم هەواس

تابووتی جۆگەڵە،

تەرمی گەڵای هەڵگرتووە،

پاییز دەینێژێ![1]

هایكیست لەم دەقەیدا، جۆگەڵەی چواندووە بەدارە مەیت، گەڵاش چوێنراوە بە تەرم، پاییزیش گۆڕهەڵكەن. هایكیست ئەم سیفەتەی لە مرۆڤ وەرگرتووەتەوە و داوێتی بە سروشت و لەناویدا باسی خەزان و گەڵاوەرین دەكات. گەڵاكان كە یەك یەك هەڵدەوەرن و دەكەونە ناو جۆگەلە ئاوەكەوە و وێنەی دارەمەیتێكی بۆ هێناوە، كە تەرمی تێدابێت. بەڵام گۆڕهەڵكەن سیفەتەكەی دراوەتە وەرزی پاییز و ڕۆڵی مردن دەگێڕێ.

زەوی زەرد هەڵگەڕاوە

هەور دەستی كفنی بۆ دەدووریَ

بەفر![2]

لەم دەقەدا هایكیست بە ناڕاستەوخۆ باسی پاییز دەكات، كە پێی دەوترێت وەرزە وشە، زەوی چوێنراوە بە مرۆڤ، هەوریش بە خزم و كەسوكار، لەهەمان كاتیشدا بەفری چواندووە بە كفن، چونكە هەمان ڕەنگن كە سپییە. لەم دەقەدا هایكیست توانیویەتی هەردوو كردەی مرۆڤ و سروشتی لێكبدات و جوانی بە دەقەكە بدات.

---

١) هایكیست. یانەی هایكوی كوردی، ژ.٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤.

٢) هەمان سەرچاوە، ل١٧٣.

## هایکوکانی هاڤان محمد

پاییز ڕووتی کردەوە،

زستان دەیشۆرێ،

دارهەرمێی باغەکە![1]

لە پاییزدا، کاتێک گەڵا دەوەرێت دیمەنی دارەکان هەموو بە ڕووتی دەردەکەون، وەکو کەسێک وایە کە پۆشاکی لەبەردا نەبێت، کاتێک لە زستاندا باران دەبارێت، بەحوکمی ئەوەی دارەکان گەڵایان پێوە نەماوە، باران دادەبارێتە سەریان و دەیانشواتەوە.

بە دەسرازەی خەزان،

گەڵاکانی پێچاوە،

بێشکەی پاییز![2]

بێشکە دەسرازەی هەیە، کاتێک منداڵ دەخرێتە ناو بێشکە و بە دەسرازە دەپێچرێتەوە بۆ ئەوەی نەکەوێتە خوارەوە، لێرەدا دەسرازە و بێشکە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، گەڵا لەجیاتی مناڵ هاتووە، خەزان لەجیاتی گەڵا+وەرین، ئەمەیش لێکچواندنمان بۆ دروست دەکات.

---

١) هاڤان محمد، گەردانەی مێخەک- هایکو، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠، ل١٧.

٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٤.

## هایکوکانی محمد مەلا ڕەحمان

بمچنەوە،

شەقام سوکناییم نادات،

نووزەی گەڵایەک [1]

لە هایکویەدا هایکیست گەڵای وەریو دەهێنێتە قسە و دەڵێ: لە شەقامدا سووکنایم نایەت (دڵم ئاو ناخواتەوە)، بۆیە بمچنەوە و لەگەڵ خۆت بمبە بۆ هەرکوێ دەچیت، با تەنیا نەبم.

ماچی ئاوابوون،

لەسەر تەرمی گوڵێک،

درەنگە پاییز![2]

لەم دەقەدا مەبەستی هایکیست ئەوەیە، (گوڵ) کە تەرمێکیشە، بە پاییز دەڵێ: درەنگە، دوا ماچیماڵئاواییم بکەو بمسپێرە بە خاک.

---

١) محمد مەلا ڕەحمان، دەنکی هەنار-هایکو، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠، ل٢١.

٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٦.

## هایکوکانی سەربەست مەجید

کزەبایەکی سارد
گەڵایەک وەری
سەرەتای پاییز(١)

لەم دەقەدا هایکیست باسی سەرەتای پاییز دەکات، کە وردەوردە خەریکە گەڵا ناسکەکان دەوەرن بە کزەبایەکی سارد، وەک ئەو گەڵا ناسکانەی کە بێ هێزن و بەرگەی کزەبایەکیش ناگرن، هەروەک چۆن منداڵێک زلەیەکی لێ بدەیت، دەکەوێت، بەڵام بە زللەکە پیاوێک -گەڵا بەهێزترەکان_ ناکەون.

بەسەر باوە
خلیسکانێ دەکەن
گەڵا وەریوەکان(٢)

هایکیست لەم هایکویەدا باسی گەڵاکان لە بەرزاییدا دەکات، کە با بردوویەتی بە ئاسماندا، وەکئەوەی بەسەر لەپی دەستدا بکەون، یان پێیان لە زەوی ببڕێ، وەکئەوەی کە پێیان نەبێت لەکاتی هەڵکردنی بادا.

---

١) سەربەست مەجید خۆشناو، هەبین-هایکو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، ٢٠١٨، ل٤٢.
٢) هەمان سەرچاوە، ل١١٧.

## هایكوكانی پەری عبدالله

با پێت نەڵێن تیرۆریست،

دەست لە كوشتنی گەڵا هەڵگرە

بەپاییزم وت:![1]

وەک ئاشكرایە پاییز بە وەرزی گەڵا وەرین ناسراوە، تیرۆریستیش كەسێكی تاوانبارە و كاری كوشتنی مرۆڤە، لەم دەقەدا هایكیست پاییز و تیرۆریستی بەیەک چواندووە كە (پاییز) گەڵا دەوەرێنێ و (تیرۆریست) مرۆڤ دەكوژێت. لێرەدا گەڵا گلەیی لە پاییز دەكا، كە وەک تیرۆریست دەستی هەیە لە وەرینی گەڵای دارەكاندا، بەڵام گەڵای وەریوی ڕەنگاوڕەنگ دیمەنێكی جوان بە سروشت دەبەخشێت, جیا لە تیروریست كە مرۆڤ دەكوژیت و خوێن دەڕێژێت.

دوو هاوڕێی گیانی بەگیانیین،

بە یەكەوە گەڵاو تەمەن دەوەرێنین

من و پاییز[2]

لێرەدا هایكیست من و پاییزی بەیەكەوە چواندووە بەجۆرێک (من) تەمەن دەوەرێنم، (پاییز)یش گەڵا دەوەرێنێت، كە دەڵێ: وەک دوو هاوڕێی گیانی بەگیانیین، چونكە ئەم دوو هاوڕێ هەرچی بكەن پێكەوە دیكەن، گریمان دەیانەوێ بڕیاربدەن پێكەوە خۆیان بكوژن، بەجۆرێک، گیانیان لەیەک جەستەدا بێت، چی خۆشی و ناخۆشیی هەیە بەیەكەوە بەسەری ببەن.

---

١) یانەی هایكوی كوردی، هایكیست، ژ٢، ل١٢١.

٢) هەمان سەرچاوەی، ل١٢٢.

# هایکوکانی عەلی ئەمین

لەبن پیرە درەختێ،
بۆنی ماچی لێدێ
گەڵایەکی وەریو[1]

ئەمە جۆرێکی هایکویە، کە دەتوانین بە یەک ڕستە بیخوێنینەوە و دەریببڕین، کە پەیوەندییەکی شاراوە هەیە لەنێوان دێڕەکاندا، لێرەدا کاتێک گەڵاکان دەوەرن دەکەونە بن درەختەکانەوە، کاتێک تێکەڵ بەخاک دەبن شێدار دەبن و بۆنی خاکەکە دەگرن.

پاییز دێت،
دوا نیگایان دەگۆڕنەوە،
گەڵا و درەخت![2]

وەک دەزانین لەپاییزاندا کە وەرزی گەڵا وەرینە, گەڵای دارەکان دەوەرن، بەتەنها لق و پۆپی درەختەکان دەمێننەوە، لێرەدا دوا نیگا مەبەستیماڵئاوایی کردنی گەڵا و درەختە لەیەکتری.

١) علی ئەمین، گوڵە هایکو و شیعرە مێلاقەییەکانم، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠، چاپخانەی تاران - ئێران، ل٩.

٢) هەمان سەرچاوە، ل١٧.

## ئەنجام:

١. هایکو فۆرمێکی شیعریی ژاپۆنییە، لەکۆندا (کلاسیک) بە ١٧ بڕگەی دەنگی دەنووسرا کە بەسەر سێ دێڕدا بەشێوەی (٥-٧-٥) دابەش دەبوو. لە سەرەتادا بەشێوەی تەنزئامێز هایکو دەنووسرا، بەڵام دوای ئەوەی تێکەڵ بە فەلسەفەی زەن -زین- بوو (کە لە ئایینی بوودایيدا هەیە و لەسەر -میدیتەیشن- تێڕامان و وردبوونەوە دەوەستێت) ئیتر بەزۆری بایەخی بە سروشت دا. بەڵام هایکوی نوێ لای ژاپۆنییەکان و لای گەلانی تری جیهانیش، هەم لە ١٧ بڕگە کەمتر یان زیاترە و بۆ گشت بابەتێکیش دەنووسرێت.

٢. بوونی ناونیشان بۆ هایکو زۆر پێویست نییە، بەڵام هەبوونی ناونیشان دەکرێت ڕەهەندێکی جوان بە دەقی هایکو ببەخشێت، هەروەها ڕەنگە یارمەتیدەرێکیش بێت بۆ تێگەیشتنی باشتر لە هایکو:

٣. زۆربەی دەقی هایکوەکان ڕستەی ناتەواو لەخۆ دەگرن، بەچەشنێ کەوا لە خوێنەر و وەرگر دەکات بەدوای تەواوکردنی واتا بگەڕێیت، هەروەک چۆن ژیان نهێنی و شتە شاراوەکانی خۆی دەرناخات.

٤. هایکو یەکێکە لە کورتترین جۆر و فۆرمەکانی شیعر لە جیهاندا، کە لە ژاپۆنەوە سەریهەڵداوە، لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە زیاتر بە جیهاندا بڵاوبووەوە و گەلانی تریش لێی دەنووسن، بەڵام کورد هاوشانی گەلانی تر زۆر بایەخیان پێنەداوە، وا چەند ساڵێک دەبێت هایکونووسانی کورد دەینووسن و توێژینەوە و کاری لەسەر دەکەن.

٥. (یانەی هایکوی کوردی) کە ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە ، هایکونووسانی کوردی لە دەوری خۆی کۆکردووەتەوە و بەشێوەی جیدیی کاری بۆ دەکرێت. هەر ئەم یانەیە (گۆڤاری هایکیست)ی تایبەت بە هایکو (دەقی هایکو و نووسین و توێژینەوە لەسەر هایکو) دەردەکەن. بە هەوڵی (یانەی هایکوی کوردی) هایکو گەیشتووەتە وڵاتانی تر و وەرگێڕدراوە بۆ زمانەکانی تری وەک: زمانی (عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی، سویدی، دانیمارکی و ژاپۆنی و... هتد)

# لیستی سەرچاوەکان:

**<u>کتێبەکان</u>:**


١. ئەردەڵان عەبدوڵا، گەشتێک بەناو کلتوری ژاپۆنیدا، سلێمانی، ٢٠١٣.

٢. بوشرا کەسنەزانی، پۆستەرە شیعری کوردی و هایکوی ژاپۆنی، ٢٠٠٧.

٣. ڕزگار جەباری، سێبەری تەڕ- هایکو، چاپی یەکەم، هەولێر- بنەسڵاوە، ٢٠٢٠.

٤. ڕەفیق سابیر، ئەویننامە- شیعر و هایکو، چاپی یەکەم، چاپەمەنی مانگ، پاییزی١٣٩٦ -٢٠١٧.

٥. سامان گەردی، زەنگیانە- هایکو، چاپی یەکەم کوردستان، ٢٠٢١.

٦. سەربەست مەجید خۆشناو، هەبین- هایکو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، ٢٠١٨.

٧. سەردار نۆڕێ، کەوتنەخوارەوەی مەراق، (دیوانی هایکو) چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ٢٠١٩.

٨. علی ئەمین، گوڵە هایکوو- شیعرە میلاقییەکانم، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران- ئێران، ٢٠٢٠.

٩. قوبادی جەلیزادە، بەردێک دەگرمە کیسەڵێک- هایکو، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٨.

١٠. ماکسێنس فێرمین، بەفر، و:عیسا عوسمان، ڕۆمان، چاپی یەکەم ٢٠٢٠.

١١. محمد مەلا ڕەحمان، دەنکی هەنار- هایکو، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠.

١٢. ملکۆ ئەحمەد، زیخ دانە دانە- هایکو، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠.

١٣. ملکۆ ئەحمەد، سرودەکانی میزۆپۆتامیا- هایکو، چاپی یەکەم، ٢٠١٨.

١٤. ملکۆ ئەحمەد، هایکو لە ژاپۆنەوە بۆ کوردستان، چاپ یەکەم چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٨.

١٥. نادییە کەریم، ئەستێرە چاو دادەگرێ- هایکو، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠.

١٦. هاڤان محمد، گەردانەی مێخەک- هایکو، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠.
١٧. ویل دورانت، مێژووی شارستانییەت، وعەبدوڵای ڕەسولی، چاپی یەکەم ٢٠١٢.

**گۆڤارەکان:**

١. گۆڤاری هایکیست، ژمارە(١)، بەرهەمی یانەی هایکوی کوردی. کوردستان- کەلار، هاوینی ٢٠١٨.
٢. گۆڤاری هایکیست، ژمارە(٢)، بەرهەمی یانەی هایکوی کوردی. کوردستان- کەلار، هاوینی ٢٠١٩.
٣. گۆڤاری هەنار، ژمارە (٨٣)، بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، دیسەمبەری ٢٠١٢.
٤. گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٤٧) چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩/٨/٥.
٥. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٦)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.

**پەیج و سایتەکان:**

١. پەیجی یانەی هایکوی کوردی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسووک.
٢. ڕەزا شوان، شیعری هایکوی منداڵان، ناوەندی حیزبی دیموکراتی کورد. ماڵپەڕی کوردستان و کورد www.kurdistanukurd.com
٣. کوردیپیێدیا.

**چاوپێکەوتن:**

١. سەردار حەمید (نۆڕێ) – هایکونووس. بەڕێوەبەری یانەی هایکوی کوردی. ڕێکەوتی چاوپێکەوتن: سێشەممە ٢-١١-٢٠٢١
٢. ملکۆ ئەحمەد – هایکونووس و مامۆستا لە کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی گەرمیان. ڕێکەوتی چاوپێکەوتن پێنجشەممە ١١-١١-٢٠٢١